

# بەخێربێن بۆ قوتابخانە

دایکوباوکانی خۆشەویست، بەخێوکەری خۆشەویست،
لێرەدا زانیاری گرنگ بۆ خۆت و منداڵەکەت ئامادەکراوە:




### منداڵەکەت کەی دەچێتە قوتابخانە؟

منداڵەکەت پێویستە بەیانیان لە کاتی خۆیدا بگاتە قوتابخانە.
وانەکان لەکاتی خۆیدا دەست پێدەکەن.



### منداڵەکەت چۆن دەگاتە قوتابخانە؟

ڕێگای سەلامەتی قوتابخانە بە منداڵەکەت پیشان بدە و تاکو قوتابخانە لەگەڵی وەرە .
لە ڕێگا لەگەڵ منداڵەکەت باسی بارودۆخە مەترسیدارەکان بکە.
بۆ نموونە:
کاتێ لە جادەکان دەپەڕێتەوە ئاگاداری خۆی بێت یان ئاگاداری ئەوە بێت کە نەچێتە سەر جادەی ئۆتۆمبیل...




### ئەگەر منداڵەکەت نەخۆش بکەوێت:

پێش دەستپێکردنی وانەکان پەیوەندی بە قوتابخانەوە بکەن.

ئەگەر منداڵەکەت زیاتر لە ٣ ڕۆژ نەخۆش بێت:
ئەو کات قوتابخانە داوای پشتگیریی و ڕاپۆرتی دکتۆر دەکات.

ئایا منداڵەکەت نەخۆشییەکی درماوی هەیە، وەک تای سوور؟
قوتابخانە ئاگادار بکەرەوە.



© Fachstelle InMigra-KiD an der Jugend- und Familientherapeutischen Beratungsstelle der Stadt Regensburg;






# چۆن یارمەتی منداڵەکەت دەدەیت لە قوتابخانە؟




**پێداویستیەکانی قوتابخانە:** هەموو پێداویستیەکانی قوتابخانەت بۆ منداڵەکەت ئامادەکردووە، بۆ نموونە، دەفتەرەکان یان چەسپ. بەردەوام جانتای قوتابخانە و جانتای قەڵەمی منداڵەکەت بپشکنە. ئەو کەرەستە و پێداویستییانە بکڕە، کە کەموکورتن.




**ئەرکی ماڵەوە:** بەڕێزتان بەردەوام پشکنینی جانتای منداڵە دەکەن: ئایا منداڵەکەت ئەرکی ماڵەوەی ئەنجامداوە؟ واباشترە منداڵەکەتان لە شوێنێکی بێدەنگ و گونجاودا ئەرکی ماڵەوە ئەنجامبدات.





**خواردن بۆ قوتابخانە:** خواردنێکی کەم و تەندروست بدە بە منداڵەکەت تاکو لەگەڵ خۆی بیهێنێت بۆ قوتابخانە.



**کەرەستەکانی ڕاگەیاندن:** ئایا پشکنین دەکەن بۆ ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە منداڵەکەتان لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن سەیری دەکات؟ ئایا بابەتەکان گونجاوە؟
پێویستە منداڵەکەت سەیری شاشەی (تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، کۆمپیوتەر، کۆنسۆلی یاری، تابلێت، مۆبایلە زیرەکەکان) زیاتر لە 60-45 خولەک نەکات.



**وەرزشکردن:** منداڵەکەت دەتوانێت لە قوتابخانە باشتر تەرکیز بکات، ئەگەر وەرزشێکی زۆر و بەردەوام لە دەرەوە بکات.



**خەوتن:** منداڵەکەت پێویستە لە کاتی خۆیدا شەوان بخەوێت بۆ ئەوەی پشوویەکی باشی هەبێت و ئامادە بێت بۆ قوتابخانە.


© Fachstelle InMigra-KiD an der Jugend- und Familientherapeutischen Beratungsstelle der Stadt Regensburg; Bildquelle: Daniela Weinbach

# دایکوباوکان و مامۆستایان چۆن پەیوەندی بە یەکترەوە بکەن؟


## زانیاریی نووسراو:





**نامەی دایکوباوکان:** لە نامەی دایکوباوکان دا زانیاری گرنگ لەلایەن مامۆستایان و بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەوە بۆ دایکوباوکان لەسەر بابەتگەلی جۆراوجۆر دەنێردرێت.



**فایل:** هەموو زانیارییە گرنگەکان (بۆ نموونە نامەی دایکوباوکان، ئەنجامی تاقیکردنەوە، بروانامە) لەو فایلەدا دادەنرێن: فایلەکە زۆرجار پێی دەوترێت „Postmappe“ یان „Jurismappe“. تکایە بەردەوام فایلەکە بپشکنە.




**دەفتەری ئەرکی ماڵەوە:** ئەم دەفتەرە ئەوەی تێدادەنوسرێت: کە پێویستە منداڵەکەت هەندێ ئەرکی لە ماڵەوە ئەنجام بدات. تکایە بەڕێزتان ئەم دەفتەرە لە ماڵەوە بپشکنن.




**واژۆی بەڕێزتان:** مامۆستایان پێویستە بزانن کە بەڕێزتان نامەی دایکوباوکان، کارتی نمرەکان، یان ئەنجامی تاقیکردنەوەکانتان بینیوە.
تکایە هەمیشە نامەی دایکوباوکان، کارتی نمرەکان، و ئەنجامی تاقیکردنەوەکان واژۆ بکە.

© Fachstelle InMigra-KiD an der Jugend- und Familientherapeutischen Beratungsstelle der Stadt Regensburg; Bildquelle: Daniela Weinbach




Kurdisch Sorani

## گفتوگۆکان:





**کۆبوونەوەی دایکوباوکان:** لەم کۆبوونەوەدا مامۆستا و دایکوباوک کاتێکی هاوبەش بۆ گفتوگۆ دادەنێن.

**کاتی تەرخانکراو بۆ گفتوگۆ:** لە هەموو هەفتەیەکدا هەر مامۆستایەک کاتێکی تەرخانکردووە بۆ گفتوگۆکردن.
دایکوباوکان دەتوانن لەو کاتەدا گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستادا بکەن.




**کۆبوونەوەی دایکوباوکان:** هەموو دایک و باوکانی پۆلێک و مامۆستایان لە قوتابخانە کۆدەبنەوە. مامۆستا لە بابەتی جۆراوجۆر ئاگادارتان دەکاتەوە. دەتوانن لەو کۆبونەوەدا پرسیار بکەن و بەشداریی چالاکییەکانی قوتابخانە بکەن.




مامۆستایان دەتوانن وەرگێڕێک، بەبێ ئەوەی پارە بدەن، بۆ گفتوگۆکان ڕێکبخات.

© Fachstelle InMigra-KiD an der Jugend- und Familientherapeutischen Beratungsstelle der Stadt Regensburg; Bildquelle: Daniela Weinbach